# شارۆچکەی "پردێ" لە مێژوودا!

سیروان کاروانی

شارۆچکەی پردێ: سەر بە قەزای دووبز (کە لە دوو ناحیە پـردێ و سـەرگەڕان پێـک دێ)ی شـاری کەرکووکە و دەکەوێتە دەم (زێ)وە. ئەو زێیەی کە لەسەر زاری کوردەکانەوە زێی گچکەیـە و کـاتی هاتنی عەرەبەکان پێیان دەگوت (الزاب الصغير) و لەو ئاستەدا بـە نێـوان دەشـتی پـان و بـەرینی دزەییاتیی هەولێر و بەری ساڵەیی کەرکووکەوە تێپەڕ دەبێ، ئـەو بەرزاییانـەی بەسـەر پردێـدا دەڕوانن، زوورگەزراو، بانی ئەسحابە و بانییەکانی کتکـە و قەرغـەتوون کـە ڕژێم لـەژێر نـاوی ناوچەی نەوتیدا، هەر زوو نەخشەی تەعریبی تێدا جێبەجێ کرد و سەرجەم دێهاتەکانی ئەو ناوەی وێران کرد. شارۆچکەکە شـوێنێکی ئێجگـار بەبەرهـەم و نایـابی هەیـە و دەشـتاییە بەپیتـەکانی چەولک، گەلاڵ، ئاولتەپە، قەرەباشی و هی تری بەسنوورەوەیە.

وەکوو هێڵی بەیەکگەیشتنیش، ئەوا دەکەوێتە نێوان جادەی سـەرەکیی هـەولێر و کەرکووکـەوە و بەپێی گرنگیی ئەو پردانەی زۆر لە مێژدا لەناو جەرگەی شارۆچکەکەدا دروست کـراون، گرنگتـرین هۆی گواستنەوەی نێوان ئەو دوو شارە گەورەیەیە. "لە کاتی ئێستادا سێ دانە پرد لە پردێدا هەن".

ناو، مێژوو و دانیشتوانی پردێ: مێژووی دروستبوون و گەشەکردنی مرۆڤ لە پردێدا دەگەڕێتەوە بۆ دەمانێکی ئێجگار زوو، لە ڕووی ژیان و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە لەگەڵ هەولێر و کەرکووک هاوشێوەیە و، هەرچۆنێک بێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پـێش ئاشـوورییەکان. وەکـوو ئایین کە ئێستا دانیشتوانەکەی مووسووڵمانن، بەپێی هێندێک سـەرچاوە لـە کۆنـدا پەیـڕەوانی ئایینی زەردەشتی و بتپەرستیی تێدا بووە. پاش هاتنی ئایینی ئیسلام چەنـد ماڵـە سـەییدێک لـە پردێ و دێهاتەکان هەبوون، کە تا ئێستاش نەوەیان ماوە و هێنـدێکیان لـە بنەڕەتـدا خۆیـان بـە عەرەب دەزانن بەڵام زیاتر بە کوردی دەدوێن. کوردەکانی دانیشتووی پردێ هێنـدێکیان بـە زاراوەی لای کەرکووک و هێندێکیان بە زاراوەی لای هەولێر دەپەیڤن.

پردێ لە کۆندا خڕ بووە لە کوردەواری. تورکمانەکان کە لە پردێدا دەژین، بـەزۆری لـە گـەڕەکی ناوەنـد "ئۆرتـە" دەژیـن. پـاش کشـانەوەی هێزەکـانی عوسمـانی کـە پێشـتر زۆر گرنگیـی بـە تورکمانەکان و گۆڕینی ناوە کوردییەکان دابوو، بەشێکی کەم عـەرەبی خـوارووی عێراقـی تێـدا نیشتەجێ کران کە بە شێوەیەکی گشـتی کارمەنـدانی دامودەزگاکـانی دەوڵـەتی بـوون. دەوڵـەت دایمەزراندن و ئەرکی بەڕێوەبردنی شارەکەی پێ سپاردن و کاری جاسووسیی بەسـەر کوردەکـانی ناوچەکەوە پێ ئەنجام دەدان.

شارۆچکەی پردێ لە سێ گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە کە زێی گچکە لێکیان جـودا دەکاتـەوە (زێـی گچکە لە ئاستی پردێدا دەبێ بە دوو بەشەوە و هەردوو بەشەکە بەناو شارۆچکەکەدا تێپەڕ دەبن). بۆ پەیوەندیکردنی ئەو بەشـانە دوو پـردی بـەرز و پتـەو لـە نێوانیانـدا دروسـت کـراون و پێکیـان دەبەستنەوە کە لە کۆندا بە (پردی زێڕ) ناوبراون و بە پێی سەرچاوەکان ناوی شارەکەش هەر لـەو (پرد)انەوە هاتووە. شارۆچکەکە لە وەخـتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و پاشـان تورکمانـەکان

(ئاڵتون کۆپری) و عەرەبەکانیش (القنطره)یان پـێ دەگـوت بـەم دواییـەش لـە ڕۆژگـاری ڕەشـی تەعریبەوە "بین النهرین"یشیان پێ دەگوت. هۆی ئەوەی کە وا ئەو پردانە بە پردی زێـڕ نـاوبراون، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەسەر ئەو پردانـەدا بـاجێکی زۆر وەرگـیراوە لەوانـەی سـوودیان لـێ وەرگرتووە. سیسیل ج. ئێدمۆنس، لە کتێبەکەی (کورد، تورک و عەرەب)دا دەڵێ: بە پێی داستانێک ئەم شارۆچکەیە ناوی خۆی لە ناوی ژنێک بە ناوی (ئاڵتون)ەوە وەرگرتووە، کە دوو پرد بە فەرمان یاخود سەبارەت بەو سـازکراون. (بـەڵام زانیارییـەکی ئـەوتۆی دەربـارەی ئـەو داسـتان و ژنـە نەنووسیووە- نووسەر)؛ بە پێی داستانێکی دیکە، ناوی ئەو پردەیان بۆ تەوس لێدان سەبارەت بـە پارەیەک کردۆتە ((زێڕ))، کە لە ڕێگای سازکردنی ئەو پردەدا فەوتاوە.

بە پێی سەرچاوەکانی تریش بێت، ڕەگەزی ناوەکە هەر (پردی زێڕ)ە کە لە شێوەی دێیـەکی گچکـە بووە و دوایە شارۆچکە و ئێستاش (ناحیە)یە، چونکە هـەر وشـەی (زێـڕ)ە کراوەتـە (ئاڵـتون) و (پردێ)ش بە (کۆپری)، (پردی زێڕ- ئاڵتون کۆپری)، کە هەر یەک مانایان هەیـە. کـەوابێ لێـرەدا داستانی دووهەمیان گونجاوترە.

هەروەها سیسیل ج. ئێدمۆنس لە لاپەڕە 358ی کتێبەکەیدا دەڵێ: تورکەکان لە پاشەکشـەی ساڵـی 1918 دا، دوو دانە پردی سەر ئەو ڕووبارەیان (زێی گچکە- نووسەر) تەقاندبۆوە و چەنـد ئاسـنی بەدسیمایان لە جێ دانابوون. (جارێکی تر پردەکان چاککرانەوە و بەکار دەهێنرێن- نووسەر). جگـە لە پردەکان، هێڵی شەمەندەفەر کە بە پردی دێی قەرەبەگ و چۆمەزەردەڵەدا دەڕوات و ئینگلیزەکان ساڵی 1946 دروستیان کرد، ئەمیش هەر لە نزیک پردێ دایـە و بـەر لـەوەی ڕژێم داروبارەکـانی سەری تێک بدات، بۆ هۆی گواسـتنەوە بـەکار دەهـات. ئەشـکەوتی قزقـەپان (کـە لـە خـوارەوە کورتەیەکی لەسەر دەنووسین) ئەشکەوتێکی عاسێیە و بە لووتکـەی شـاخێکەوەیە و بەسـەرهاتی کوڕە و کچە کە داستانێکی ئەڤینداریيە و لەو ئەشکەوتەدا بووە، دەکەوێتە نزیک دێی قەرەبـەگ و شێخەیی-ەوە بەرانبەرەکەی چەمی قازییە کە لە ناوچەی پردێ-وە نزیکن. گەڕەکەکانی پردێ:

1- گەڕەکی (ساڵەیی) کە بە عەرەبییەکەی (صالحي)یەیان پێ دەگووت هەموو کوردن، (لەوانـەش زۆربەیان کوردی ساڵەیی)ن و زیاتر بە زاراوەی لای کەرکووک دەپەیڤن. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی بەری کەرکووک.

2- گەڕەکی (ناوەند) کە تورکمانەکان (ئۆرتە)ی پێ دەڵێن، دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکەوە (نێوان هەردوو پردەکان) و توروکمانەکانی پردێ بەزۆری لەم گەڕەکەدا دەژین، ئەمەش جۆرێک بـووە لـە سیاسەتی عوسمانییەکان هەروەک لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی تری وەک هەولێر و کەرکووک و تەلەعفەر و دووز و تەنانەت دێهاتەکانیشدا، توروکمانەکانیان لەناوجەرگـەدا کـۆ کردۆتـەوە، تەواوی کاری جموجۆڵی بازرگانیان لەبەردەست داناون و ئاسانکارییان بۆ کردوون و بەو شێوەیە ویستویانە کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر شوێنەکاندا هەبێ. لەو شوێنانەدا کە توروکمانەکانی تێـدا کۆبوونەتەوە، لە ڕووی خانووبەرەوە ڕێکوپێکتر بوونە و خەڵـکەکەی بـە تاقمـە دەوڵـەمەندەکە ناسراون. شایانی باسە زۆر لە توروکمانەکانی پردێ هـەر کـە بـاری وڵات گۆڕانکـاریی بەسـەردا دەهات و ئەمان دەیانگوت کوردین، خێرا ڕژێم بڕوای پێ دەکردن و ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

ئەوەی لە بنەڕەتدا هەر کورد بوون. ناکرێ بەشێکی زۆر لە توروکمانەکانی پردێ و شوێنەکانی تریش بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بژمێردرێن، چونکە هەر بۆ نموونە لە پردێدا، ئەوانە خزمایەتییان لەگەڵ کوردە ڕەسەنەکانی دێهاتەکانی دەوروبەری پردێدا هەیە و ئێستاش لە ناسنامە کۆنەکانیاندا بگەڕێی پاشناوەکانیان کوردییە وەکوو ساڵەیی، لەک و... هتد. ئەم خزمایەتییە لە کاتێکدایە کە ئەوانەی دێهاتەکان یەک تەنها وشەی توروکمانی نازانن، بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ئەو بەناو توروکمانانە باری نائاساییی سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکەی عوسمانی وای لێکردوون خاوەنی ئەو باوەڕە بن. هەروەک ئاماژەی پێکرا، سیاسەتی عوسمانییەکان لە هەموو شوێنەکاندا، ئەوە بووە ئەو خەڵکانەی بە پارەوپووڵ کڕیویانن و بە توروکمان ناوزەدیان کردوون، لە یەک شوێندا کۆیان کردوونەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە دونیایەکی بەرتەسکی تایبەت بەخۆیاندا بژین و جارێکی تر وا بە ئاسانی پەرت نەبنەوە و نەبنەوە بە خاوەنی ناسنامەی تایبەتیی خۆیان.

3- گەڕەکی (تسن) کە (تسعین)یشیان پێ دەگووت، ئەمانیش هەموو کوردن. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی بەری هەولێر و زیاتر بە زاراوەی لای هەولێر دەپەیڤن. بە گشتی پردێ لە نێوان هەردوو شاری گەورە (هەولێر - کەرکوک)ە، بەڵام لە دەخلی پارێزگای کەرکووکدایە.

"دەبێ بگوترێ کە لە کاتی ئێستادا و پاش نەمانی ڕژێمی بەعس و هەڵوەشانەوەی نەخشەی تەعریب، پردێ گەورەتر بووە و لە شەش گەڕەک پێک دێ و ناوە کوردییەکان بە گشتی لە ناوچەکەدا خەریکە جێی خۆیان دەگرنەوە: کوردستان و ناوەند-ئۆرتە و ڕاپەڕین و ساڵەیی و ئازادی و ڕزگاری".

نزیکترین دێهاتەکانی دەوروبەری پردێ بریتین لە، بە دیوی کەرکووکەوە: قەرەبەگ، گەڵۆزی، کتکە. بە دیوی هەولێرەوە: چۆمەزەردەڵەی خواروو، شێراوە، قەرەباشی.

ژیان لە پردێ: پردێ شوێنێکی ئێجگار ستراتیژیی هەیە و ژیان لەوێدا خۆشە. لە وەرزی بەهار و هاویندا و کاتی گەشتوگوزار و هاتنی گەشتیاران، بە هۆی هەڵکەوتنی شوێنەکەیەوە زۆرجار وا ڕێکدەکەوێ ئۆتۆمۆبیلەکان ڕیز دەگرن بۆ پەڕینەوە بەسەر هەردوو پردەکەی ناو شاردا و پیادەش جمەی دێ.

دانیشتوانی پردێ و دەوروبەرەکەی و هەروەها دێهاتەکانی سەر زێی گچکە و ئەو ناوە بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی باشی ئاوەوە کە سەرمایەی کشتوکاڵیی پێوە بەندە، جگە لە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و شینایی و بێستان و باغاتی هەمەجۆر، سوودێکی زۆریش لە ڕاوەماسی وەردەگرن و شارەزاییەکی باشیان لە ئامرازەکانی ڕاوکردن وەکوو قولاب و جۆرەها تۆڕی ماسیگرتندا هەیە.

لەکۆندا، کەرەک کەرەسەیەکی تری گواستنەوە بووە لە پردێدا و گوزەرانی هێندێک خەڵکی لەسەر بووە. دیارە هێندێک لەمێژ کەرەکەوانی پیشەیەک بووە کە خەڵکی لە شارۆچکەکەدا پشتیان پێ بەستووە و بۆ زۆر شت کەڵکیان لێ وەرگرتووە. لەو سەردەمەدا کە ئامرازەکانی هاتوچۆ کەم بووە و یاخود لە هێندێک شوێندا هەر نەبووە، ئەگەرچی لە (پردێ)دا بە بەراوردکردن لەگەڵ شوێنەکانی

تردا گونجاوتر بووە، بە هۆی ئەوەی شارەکە لە جێگایەکی ستراتیژی هەڵکەوتووە، کە پەیوەندی بازرگانی و هاتوچۆی نێوان دوو شاری گەورەی هەولێر و کەرکووک و زۆر لە شارۆچکەکانی تریش پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆیە کەرەک لەو سەردەمەدا کەلێنێکی گەورەی لەو بۆشاییە پڕ کردۆتەوە. کەرەک لە کۆمەڵێک دار و چیلکە و گەڵادار دروست دەکرێ و وەک ئامرازێکی هاتوچۆ و گواستنەوە وەکوو پەڕاندنەوەی نەفەر بەسەر ئاودا لە نێوان دێهاتەکانی دەکەونە ئەمبەر و ئەوبەری زێ، هێنان و بردنی کەرەسەی بژێویی ژیان کە لەم حاڵەتانەدا شتی قورسیشیان لەسەر داناوە و هەروەها لە پێشدا بۆ بووکگواستنەوەش خەڵکەکە سوودیان لێ وەرگرتووە.
کارێکی تر کە بە کەرەک ئەنجامیان داوە، ئەوە بووە کە لە گیشەگەنم باریان کردووە و بە زێی گچکەدا بردوویانە کە دوایە ئەو زێیە لەگەڵ ئاوی دەجلە تێک دەکاتەوە (نێوی دەجلە: دوو وشەیە، دە + جلە. دە- ژمارەی دە-یە و، جلە- واتە ڕووبار. دە ڕووبار تێک دەکەنەوە و نێوەکەیان دەبێت بە دەجلە واتە دەڕووبار. عەرەب پێی دەڵێن دجلە)، ئەویش لەگەڵ پێڵەکان و تەوژمی زێیەکە بەڕێ دەکەوێ، بە مەودایەکی دوورودرێژ و وەختێکی نەکەم ئەو ڕێگایەیان بڕیوە بە ئاوەکەدا تا گەیشتوونەتە نزیک بەغداد. لەوێدا گەنمەکەیان فرۆشتووە و هەندێک جار بە شتومەک و کەلوپەل، ئاڵوگۆڕیان کردووە و هەندێک جار خورما و شتی تریان لەجیاتی هێناوە. جاری واش هەبووە بەرلەوەی بگەنە نزیک بەغداد لایان داوە و لەناو خێڵە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە بە پارەوپووڵ و کەلوپەل گۆڕیویانەتەوە. هەڵبەتە ڕێی گەڕانەوەیان کە بە شارەکاندا بووە بە مەودایەکی دوورودرێژتر بڕیوە. هەموو ئەمانە و جگە لەوەی کە لە دێهاتەکانی سەرووتردا، خەڵکی چوونە ژاژی و قامیشیان لێ بارکردووە و هێناویانە بۆ دروستکردنی خانووبەرە و شتی تر بەکاریان هێناوە.
وەکوو شوێنی گەشتیارانی نزیک شارۆچکەکەش، چاکی وەکاشە "حەکاشە" دەکەوێتە نزیکییەوە بە لای کەرکووکدا، لە بەهاران کوردێکی زۆر بە خواردن و کەلوپەلی دەرەوەوە ڕوو لەوێ دەکەن و بە هۆی ئەوەی دۆڵێکی گچکەی لێیە و ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە، خەڵکی تا ئێوارە لەوێدا دەمێننەوە و نان دەخۆن و جۆرەها هەڵپەڕکێی کوردەوارییی تێدا ئەنجام دەدەن.
بەشێک لە دێیەکانی دەڤەری پردێ: قەرەبەگ، شێخەیی، چیاچەرمووک، دەرمانـاوی خواروو، دەرماناوی سەروو، سەربیر، گەڵۆزی، قادرباغر، ڕۆژبەیانی، بیرەسپیانی خواروو، زەردک، یارمجە، بیبانی گەورە، بیبانی گچکە، گەوەنی، کەڵوڕ، قەرغەتوو، کتکە، گورزەیی، نەبیاوە، شانەشین، قزنەفەر. قەرەباشی، شێراوە، چۆمەزەردەڵەی خواروو، چۆمەزەردەڵەی سەروو.
زۆربەی ئەم دێهاتانە کەوتنە بەر جێبەجێکردنی نەخشەی ڕەشی ڕژێم و وێران کران و خەڵکەکەی دوورخرانەوە و لە ئۆردووگا زۆرەملێکانیان نیشتەجێ کران، عەرەبی ناوچەکانی خوارووی عێراقیان بۆ دەڤەرەکە هێنا و زەویوزاری کوردەکانیان پێدان. هەر لەگەڵ شالاوی تەعریبدا، عەرەبەکان هێندێک لە دێیەکانیان دروست کردەوە و ناوی هێندێکیانیان بۆ ناوی عەرەبی گۆڕی.
ئەشکەوتی قزقەپان و بەسەرهاتی کوڕە و کچەی ناوچەی پردێ: "کوڕە و کچە" داستانێکە و لە ئەشکەوتی قزقەپان-ی ناوچەی پردێدا ڕوویداوە. ئەشکەوتی قزقەپان ئەشکەوتێکی عاسێیە و بە

لووتکەی شاخێکەوەیە، دەکەوێتە نزیک دێی قەرەبەگ و بەرانبەرەکەی چەمی قازییە کە لە پردێ-وە نزیکە. ئەم شاخە، ڕژێم پێش ڕووخانی ڕەبیەی بە سەرەوە دانابوو و ناوچەکەی مینرێژ کردبوو. داستانی کوڕە و کچە یان "کوڕە و دوێتە" کە لەم ئەشکەوتەدا بووە و زۆر لە کۆندا بووە، چیرۆکێکی ئەڤینداریيە و ئەم ئەشکەوتە بۆ ماوەیەکی زۆر جێی ژیانیان بووە. دەربارەی ئەو سەردەمەی کوڕە و کچەی تێدا ژیاون و بەسەرهاتەکەیان تیایدا ڕوویداوە، بۆ سـەردەمی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی دەگەڕێتەوە کە لە سەدەی شانزەهەمەوە دەست پێ دەکات. ئەوەی تایبەتە بە دیرۆکی کوڕە و کچـە لە حەفتاکانی سەدەی هەژدەهەم دایە. لەو دەمەدا سەرەڕای گیانەلاّی، هێشتا ئەو ئیمپراتۆریەتـە پەلی داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروبەر و درێژکردنەوەی دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتەکەی دەهاویشت.
لەودەمەدا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکە فەرمانڕووایی کـردووە و تێکەلّوپێکەلّـییەکی زۆری لەگەلّ خەلّکەکە بووە.

لــــە زۆر مەلّـــــبەندەکانی کــوردەواری ژیــاون و بــاج و ســـەرانەیان لـــە خەلّـــک وەرگرتـــووە. لـــەو ڕێیـــەوە ئەوەندەی بۆیــان کـراوە نــاوی مـــرۆ، دێهـــات، شـــارۆچکە، مزگــەوت، خوێنــدنگا، چیــا و تەپۆلّــــــکەکان، زۆر لـــــە ئامرازەکانی کارکردن و تەنانەت کانی و ئاوەکانیشیان گۆڕیوە و ناوی تورکییان پێیانەوە نــاوە. ئەو ئەشکەوتەش (قزقەپان) کــە (کوڕە و کچە) تا دوارۆژی ژیانی



وێنەی زێی (گچکە). بە دیوی پێشەوە (چەمی قازی) و بە دیوی پشتەوە لاتەنیشتی چەپی ئەشکەوتی (قزقەپان)، بەلای دێی (شێخەیی) دا.

ئەڤینداریێتییان تێیدا مانــەوە، هــەر وشــەیەکی تورکییــە و بــە مانــای کچەهەلّـگیراو دێ و هــەر لەوکاتەوە بە میرات ماوەتەوە. هەر لەم مێژووەشدا، کوڕە، کوردێکی هەژاری خەلّکی پردێ بووە و کچەش، کچی ئەفسەرێکی دەسترۆیشتووی تورک بووە کە ئــەو کاتــە لــە پــردێ فەرمانــڕەوایی کردووە. ئەو کوڕ و کچە یەکتریان خۆش ویستووە، لەبەرئەوەی ئاستی گوزەران و شێوەی ژیــانی خانەوادەییان یەک نەبووە، کوڕە کەوتۆتە بەر غەزەبی ئەفسەرە تورکەکــە و ئەنجامەکــەیان بــە تراژیدیایەکی جەرگبڕ کۆتایی هاتووە.

زێی گچکە: لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە بنارەکانی ڕۆژهەلاّتی زاگرۆس، لــە باشــووری ڕۆژئــاوای گۆلی ورمێ-وە هەلّدەستێ. نزیک بە هەشتا مایل شان بە شانی چیاکان دەچێتە پێش، لە سەرەتادا

بەناوی ((لاوێن)) و پاشان بەناوی ((چەمی کەڵوێ)) دەناسرێ؛ دوایی لەپڕ بەرەو ڕۆژئاوا لاردەبێتەوە و سەرکەوتووانە ڕێیەک بۆ خۆی دەکاتەوە. سەرەتا بە ناوچەیەکی خواروخێچدا چیاکانی سەرسنوور دەبڕێ و لە نزیکی ((قەڵادزێ)) دەچێتە نێو عێراق؛ ئینجا بە ((دەربەندی ڕەمەکان))دا لە چیاکانی کورکوڕ- ئاسۆس و درێژەی ئەو تێدەپەڕێ، کە ناوی ((کێوەڕەش))ە. پاشان ڕوو لە باشوور دەکات و لە قەرەسەرد و درێژەی ئەو ((کۆسرەت))ی نزیک ((دووکان)) تێدەپەڕێ تا دەگاتە ناوچەیەکی شاخاوی و پڕ لە هەوراز و نشێو لە بناری چیاکاندا و درێژە بە ڕێگا دەدات. لە پێشدا بەرەو ڕۆژئاوا و پاشان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچێ و ناوچەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) بەجێ دێڵێ. سەرئەنجام لە 20 مایلی گەرووی ((فەتحە)) ئەو جێیەی کە دەجلە بە کێوەسووردا تێدەپەڕێ، یانی لە 200 مایلی بەغداد بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو دەڕژێتە ناو دەجلە. زێ-ش لە ناوچەکانی خواروویدا لە ڕۆژئاوای کەرکووک، چەند کەناڵی کۆنی ئاودێری هەڵدەسووڕێنێ کە لەم دواییانەدا هەندێک بوژاونەتەوە. ئەو ڕووبارە هەمیشە ڕێگایەکی گرنگی ڕاگواستن بووە و نە تەنیا (کەرەک)ی داریان پێدا بردووە، بەڵکوو کەرەکی سازکراو لە مەشکەی بارکراویشی پێدا ڕۆیشتووە. ئەو کەرەکانە ئێستا هەرزانترین و ئاسانترین ئامرازی ڕاگواستنی دانەوێڵە و بەرهەمەکانی باکوور بۆ باشوورن.

زێی گچکە کە بە ناو ئەم شارۆچکەیە پردێ-دا تێدەپەڕێ، ژمارەیەک ئاوی جیاوازی تێکەڵ دەبێت، کە هەندێکیان ئەمانەن: قەڵادزێ و ژاراوە و چەمی سوڵتانەدێ و چەمی بەستەسیش و شەهیدان و گافرین و ڕووباری باسلم و تایین و گەلێ شیویش، وەکوو شیوی بایزئاغا و شیوەئاشان و سووورداش و چەمی قەمچوغە و شیوەسوور و شەواسەر و چەمی بابلان و جۆلان و ... تاد.



درێژایی زێی گچکە لە هەندێ سەرچاوەدا 400 کیلۆمەترە، واتا بە درێژترین لقی زێی دەجلە دەژمێردرێ، پانتایی حەوزەکەی لە 22 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاترە. داهاتی ساڵانەی ئاوی لە 7 ملیار مەتری سێگۆشە زیاترە و تێکڕای ئاوڕۆیشتنی لە ئێسگەی (پردێ)دا لە یەکێ لە ساڵەکاندا گەیشتۆتە 216 مەتری سێگۆشە. لە دووکان نزیکەی 180 مەتری سێگۆشە بوو لە چرکەیەکدا. ڕووباری دەجلە ساڵی 17%ی ئاوەکەی لە زێی گچکەوە بۆ دێت.

وێنەی زێی (گچکە)

پردێ لە کاتی ئێستادا: هەر لەگەڵ سیاسەتی تەفروتوناکردنی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی لەناوچووەوە، ئاوارەیەکی زۆری دێهاتەکان ڕوویان لەناو شارۆچکەکە کردووە و بەمەش قەرەباڵغییەکی زۆری تێکەوتووە و شارەکەش بێ خزمەت ماوەتەوە. دەبێ ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو کە لە کاتی ئێستاشدا و پاش تەپینی ڕژێمی بەعس، ئەم شارە خۆش و دڵگیرەی پردێ زیاتر لە دێ و کەلاوە دەچێ وەک لە شارۆچکە. لە پردێدا، تا ئێستا خزمەتێکی ئەوتۆ نەکراوە و بنکەیەکی خزمەتگوزاری و کار نەکراوەتەوە کە کرێکار و کارمەندێکی زۆر بگرێتە خۆ. کە بەم شارەدا تێپەڕ دەبی، مرۆڤ دڵی خۆش دەبێ بەو ئاوە جوانەی کە هەر دەگاتە پردێ دوولەت دەبێ و شارۆچکەکە دەکات بە سێ بەشەوە، هەر چوار دەوری بە شینایی و بێستان و باغات تەنراوە، لە کاتێکدا خانووەکۆنی وا دەبینی کە هێشتا تۆزوخۆڵی ڕمانەکەی بە کاناری دیوارەکانییەوەیە و خاوێن نەکراوەتەوە. یەکێک لەو پردانەی کە بە پردی زێڕ ناودەبرێ، سەری بە دیوی هەولێرەوەی پاش ئەوەی کە ڕووخاوە و سەرلەنوێ بە خراپی دروست کراوەتەوە، کەم ئۆتۆمۆبیل هەیە بتوانێ پێیدا تێپەڕ ببێ و ژێرەکەی بە چینکۆی شکاوی پردەکە نەکەوێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە جگە لەوەی پردێکی تر بە تەنیشتی شارەکەوە دروست کراوە، بەڵام پردەکانی ناو شارۆچکەکە هێشتا هاتوچۆیان بەسەرەوە ماوە. شایانی باسە کە لە نێوان دانیشتوانەکەیدا، هیچ گرژییەک لە نێوان کوردەکان و تورکمانەکاندا نییە.

سەرچاوەکان

* کتێبی کوڕە و کچە... سیروان کاروانی. مەهاباد کوردی بە پیتی لاتینی نووسیویەتەوە.

* کتێبی کێشەی کورد... دوکتۆر م. س. لازاریف.

* کتێبی کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی... دوکتۆر جەلیلی جەلیل. دوکتۆر کاوس قەفتان لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی.

* کتێبی کورد، تورک و عەرەب... سیسیل ج. ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: حامید گەوهەری.

* کتێبی جوگرافیای کوردستان... عەبدوڵلا غەفور.